# وەزارەتی مافی مرۆڤ

# یەکەمجارە سەردانی بەندیخانەی

# ئاکرێ دەکات

هەروەك وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیاکان و ئەو وەفدانەی کە سەردانیان کردوە بەڵێنی دابوو کە سەردانی بەندیخانەکانی ئاکرێ و قەلاچوالان بکات بەمەبەستی لە نزیکەوە پێزانینی رەوشی زیندانیان لەو بەندیخانانە  بە تایبەت لە رووی پاراستنی مافی مرۆڤەوە. ئەوە بوو رۆژی 2007/3/19 وەفدێکی وەزارەت کە پێکهاتبوو لە راوێژکاری وەزارەت و بەرێوەبەری بەندیخانەکان و بەرێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە ئاکرێ بۆ یەکەمجار سەردانی بەندیخانەی ئاسایشی ئاکرێی کرد و بۆ بەسەر کردنەوە و بەدواداچوونی گیروگرفت و کێشەی زیندانیەکان و بارودۆخی ژیانیان و هۆکاری مانەوەیان..

دوای ئەوەی یەکە یەکە بەشەکانی بەندیخانەکەیان بەسەرکردەوە و لەم رووەوە راپۆرتێکی تیرۆتەسەلیان ئامادە کردوە.